# ئایا شێوە لە ناوەرۆک گرنگترە؟

بەشی چوارەم

حەمەسەعید حەسەن

**رۆڵی ئەدەب**

سەلاح شوان دەڵێت: (دەشێت نووسەرێک بە وتارێک بەرزترین فیکر دەرببڕێت بەڵام بەرهەمەکەی ئەدەبیش نەبێت.)

ئەدی بۆچی ناشێت، ئەدیبێک بەرزترین فیکر بە رۆمانێک دەرببڕێت؟ ئەوە نییە گۆرکی بە رۆمانی دایک، باڵاترین فیکری دەربڕیوە؟ ئەدی بۆچی ناشێت، ئەدیبێک بڵندترین فیکر بە شیعرێک دەرببڕێت؟ ئەوە نییە ئێلوار بە شیعری ‹سەربەستی› بەرزترین فیکری دەربڕیوە؟ لای من، هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی بەرجەستەکردنی فیکری نووسەرەکەیەتی لە شێوەیەکی هونەریدا. جیاوازیی سەرەکی لە نێوان ئەدیب و گوتارنووسدا ئەوەیە، ئەدیب بە شێوازی هونەری، فیکری خۆی دەردەبڕێت، وەلێ گوتارنووس ڕاستەوخۆ فیکری خۆی دەخاتە ڕوو. لە هەموو شیعرێکدا، فیکرێک هەیە، وەلێ شاعیر فیکری خۆی، لە ڕێی ڕەمز، وێنەی شیعری و مەجازەوە، پێشکەش دەکات. برێخت و لۆکاش خاوەنی هەمان فیکرن، ئەمیان بە دەستی شانۆنامە تەوقەی لەگەڵ دەکات و ئەویان لە ڕێی لێکۆڵینەوەوە.

سەلاح شوان دەڵێت: (نازانم بە لای حەمەسەعید حەسەنەوە، فیکری پێشکەوتووخوازترین هێزی ئەم سەردەمە، کامەیە؟)

کرێکاران پێشکەوتنخوازترین هێزی ئەم سەردەمەن و فیکریشیان پێشکەوتنخوازترین فیکری سەردەمە. فیکری کرێکاران، فیکرێکە لە خزمەتی کرێکاراندا بێت، نەک کرێکاران بکاتە کۆیلەی خۆی. ئەوانەشی بە هۆشیارییەوە فیکری کرێکارانیان شێواندووە و خلیسکاونەتە خانەی فیکری بۆرژواوە، با خۆ بە دەمڕاستی کرێکارانیش بزانن، وەلێ ئەوانە بە کردەوە، لە خزمەتی بۆرژوادان، ئاخر لەرێلادەران و سەرمایەداران، دوو دیوی یەک دراون.

سەلاح شوان دەڵێت: (هەر چی ئەدەب و هونەری دنیا هەیە، تاقە منداڵێکی لە برسییەتی، پێ ڕزگار ناکرێت.)

بە گوێرەی ئەو تێڕوانینە، ئەدەب هیچ ئەرکێکی هاندەرانە و پەروەردەیی لە ئەستۆدا نییە و تاقە ئەرکی سەر شانی، چێژ بەخشینە، وەلێ بە پێی لێکدانەوەی من، ئەدەب چەکێکی ڕاستەقینەی گەلانی ژێردەستەیە لە پێناوی ڕزگاریدا، هەر بۆیە باڵافڕەکانی هاوپەیمانان، لە دووەمین جەنگی جیهانگرەوەدا، بە مەبەستی خۆشکردنی ئاگری بەرگری دژی نازیستەکان، شیعرەکانی ‹ئێلوار›یان بەسەر فەرەنسادا بەر دەدایەوە.(٤٦) کاتێک ئاستی گیانی بەرەنگاربوونەوە لە فەرەنسادا، لەوپەڕی نزمیدا بو، شیعرەکانی ‹ئاراگۆن› ڕۆڵی یەکەمین سەرنگەری بەرگرییان دەبینی (٤٧)

لای جۆرج تۆمسۆن، ئەرکی شیعر بزواندنی ویستی هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە ئاوات.(٤٨) مایکۆفسکی، وشە بە سەرکردەی مرۆڤایەتی دەزانێت،(٤٩) ستالین دەیگوت: بەرهەمی خامەی ‹ئیلیا ئەهرەنبورگ› ڕۆڵێکی گەورەی لە سەرکەوتنی ئێمە و تێکشکاندنی دوژمندا، وازی کرد.(٥٠) ئەدەبی عەبەسی کە لە کن سەلاح شوان بایەخی هەیە، نەک هەر منداڵێکی لە برسییەتی پێ قوتار ناکرێت، بەڵکوو دەبێتە کۆسپیش لەبەردەم تێربوونی برسییەکاندا و لە ڕاژەی ئەوانەدایە، هەوێنی برسییەتین. ‹کامۆ›ش دەیگوت: (جووتێک پێڵاو لە شەکسپیر بە کەڵکترە و پارچە پەنیرێکیش لە پووشکین باشترە،)(٥١) بەڵام ڕاستییەکەی هەموو گەلێکی بندەست، شیعر و چیرۆکیشی وەکوو

چەک و خواردن پێویستە. (٥٢) هۆشی منە دەڵێت: (نووسەر لە شەڕی ڕزگاریخوازیدا، بە وشە دەجەنگێت.)(٥٣) ئەفسەرێکی رووس لە نامەیەکدا بۆ شۆلۆخۆف دەنووسێت: (بە کۆمەکی چیرۆکەکانی تۆ دەژین، بە یاریدەی چیرۆکەکانی تۆ، لەسەر بەرگریکردن سوورین.)(٥٤)

سەلاح شوان دەڵێت: (دڵسۆزی بە کردەوەیە، نەک بە سنگدەرپەڕاندنی سەر کاغەز.) بەڵام مارکس دەبێژێت، نووسەر گیانی خۆی لە پێناوی نووسینەکانیدا بەخت دەکات، لۆرکا، لەسەر نووسین گیانی لە دەست دا، بێکەس بە هۆی شیعرەکانییەوە، تووشی ئازار و دەربەدەری دەبوو، دیلان لەسەر شیعرێک، ساڵێک بەند کرا، موتەنەبی لەسەر یەک دێڕ شیعر خۆی بە کوشت دا. گوڵسورخی ئەو شاعیرە شۆڕشگێڕەی لەسەر داکۆکیکردن لە چەوساوەکان، گوللەباران کرا، دەڵێت: (من بۆ گۆڕینی جیهان دەمەوێت، شیعر نەک هەر دروشم بێت، بەڵکوو خەنجەر و گوللەش بێت.)(٥٥) بە پێوانەی سەلاح شوان، لۆرکا و گوڵسورخی سەرقاڵی دەرپەڕاندنی سینگ بوون!

(من وەک شاعیرێکی ڕۆمانتیک، ناتوانم بە کاروانی شیعری شۆڕشگێڕیدا بگەم، چونکە کەشتییەکە، حاڵی حازر ئێجگار بەربادە.) سەلاح شوان ئەو گوتەیەی وەپاڵ یەسەنین داوە و سەرچاوەکەی لاپەڕە ٢٣ی کتێبی ‹قصائد مختارە›ی یەسەنینە کە حسب الشیخ جعفر کردوویە بە عەرەبی، بەڵام ڕاستییەکەی یەسەنین لەو جێیەدا دەڵێت: (من وەک شاعیرێکی ڕۆمانتیک ناتوانم بە کاروانی شیعری شۆڕشگێڕیدا بگەم، وەلێ وەک جووتیارێکی هەژار، ڕۆحم لە سەرەڕێیدا دەشەکێتەوە.) شێواندنی ئەو قسەیەی یەسەنین بەو شێوەیە، بێجگە لە مایەپووچی، بە چی دیکە لێک دەدرێتەوە؟

**ڕەخنەی لاواز**

سەلاح شوان، بێ ئەوەی یەک بەڵگە نیشان بدات، دەڵێت: (نووسینەکەی حەمەسەعید حەسەن بریتییە لە دووبارەکردنەوەی کلێشەی سواو و قەوانی شکاو.)

ئەوە نووسین و شیعری خۆیەتی کە بریتین لە پاتەکردنەوەی گوتەی سواو و کۆنەقەوان، نەک هی من، ئەمەش سێ بەڵگە:

من نووسەرم، پۆستەچی نیم. یۆنسکۆ.(٥٦).

ئەرکی ئەدیب ئەوە نییە، شێخ یان پروپاگەندەچی بێت. سەلاح شوان.

پارچەیەک پەنیر لە پۆشکین چاکترە. کامۆ.(٥٧)

ئەدەب منداڵێکی پێ تێر ناکرێت. سەلاح شوان

فەیرووز لە گۆرانییەکیدا دەڵێت:

(دەزانی زەریا چەن قووڵە؟
هێندەی قووڵایی زەریاکان
خۆشم دەوێی.
دەزانی ئاسمان چەن دوورە؟
هێندەی دووریی
حەوتەمین نهۆمی ئاسمان
خۆشم دەوێی.)

سەلاح شوان بێ ئاماژەکردن بۆ ئەو گۆرانییە دەنووسێت:

خۆشم ئەوێی بە قەد فراوانی ئاسمان،
بە قەد قووڵی گشت دەریاکان، خۆشم ئەوێی.(٥٨)

ئەو ڕەخنانەی سەلاح شوان لە منی گرتوون، هێندە لاوازن، لەو پووشە دەچن، کە پێش نوقمبوون هانای بۆ

دەبەین، وەک نموونە، دەڵێت: (ئەو شاعیرانەی چیرۆک دەنووسن، پرۆژەیەکی ڕەئووف حەسەن بوو.)

* ڕەئووف حەسەن، نە هێشتا ئەو باسەی نووسیوە، نە باسی پرۆژەیەکی وای لای کەس کردووە.

* کارێکی ئاساییە، دوو نووسەر، یەکی باسێک بە هەمان ناونیشان بنووسن. عومەر مارف بەرزنجی و حسێن عارف یەکی کتێبێکیان لەسەر چیرۆکی هونەریی کوردی نووسیوە. عەلادین سەجادی و مەدهۆش، هەردووکیان (هەمیشەبەهار)یان هەیە. چێرنیفسکی و لێنین یەکی سەرو کتێبیان بە ناونیشانی (چار چییە؟) نووسیوە.

یان دەڵێت: (محی الدین زەنگەنە، لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێی ژمارە (٤٥)دا، کورتەڕەخنەیەکی لەسەر ‹بووکەخان›ی دڵشاد مەریوانی و چوار چیرۆکی تر نووسیوە، حەمەسەعید حەسەن شتەکانی ئەوی دووبارە کردووەتەوە بەڵام پەنجەی بۆ سەرچاوەکەی درێژ نەکردووە. هەرچەندە نوسینەکەی محی الدین بە قەوارە لەوی حەمەسەعید زیاترە، کەچی ئەو ‹انطباعات سریعە› ‹چەند سەرنجێکی خێرا›ی ناو ناوە و ئەم لێکۆڵینەوە.)

* سەلاح شوان یەک دەربڕین یان ڕستەی لە نووسینەکەی مندا دەستنیشان نەکردووە کە هی محێدین زەنگەنە بێت، هەرگیز ناشتوانێت بیکات!

* قەوارە بۆ نووسین گرنگ نییە، ئەگەر نا ماڵتیدا گاریاڵدی، بە بیست و پێنج لاپەڕە، دۆکتۆرای لەسەر کورتەڕۆمانی ‹خاڵ›ی عەبدولڕەحمان مەجید ئەلڕوبەیعی وەرنەدەگرت، بەڵام نووسینەکەی من نەک هەر لەوی محێدین زەنگەنە کورتتر نییە، بەڵکوو چوار هێندەی ئەوی ئەو دەبێت.

* پێشتر سوودم لە محێدین زەنگەنە وەرگرتووە و قامکم بۆ ژێدەرەکەش درێژ کردووە.(٥٩)

سەلاح شوان هێشتا بە ڕووداوی نێو چیرۆک دەڵێت: حیکایەت! وەک دەرکی بەوە نەکردبێت کە حیکایەت شتێکە و چیرۆکی نوێ شتێکی دیکە. حیکایەت چیرۆکی گوێ ئاگردانە، نەک چیرۆکی هونەری، ڕووداویش سەرەکیترین ڕەگەزی چیرۆکی نوێیە. کە من گوتوومە، ئەو جۆرە هەڵسەنگاندنانە پەسەند ناکەم کە پشت بە گێڕانەوەی کورتەی چیرۆک دەبەستن، ئەو دەڵێت، سۆمرست مۆم لە لاپەڕە دوازدەی ‹دە ڕۆمانی نەمر›دا، گوتوویەتی: (کورتەچیرۆک خۆی کورتە، ئیتر چۆن کورت دەکرێتەوە؟) کە سەرنجی ئەو جێیەم دا، دیتم سۆمرست مۆم قسەی وای نەکردووە، بەڵکوو دەبێژێت: (مەحاڵە بتوانین هیچ بخەینە سەر کورتەچیرۆک، یان هیچی لێ لا ببەین.) ئەمەش پێوەندیی بە گێڕانەوەی کورتەی چیرۆکەوە نییە.

سەرنجی ئەم ڕەخنە ئەدەبییە بەهێزەی سەلاح شوان بدەن: (حەمەسەعید حەسەن لەبەر سەرقاڵی بە شتی ترەوە، ماوەی دڵداریکردنی نەبووە، بۆیە بە لایەوە شتێکی ناهەموارە، ئادەمیزادێک دڵداری بکات.)

* دڵداریم کردووە، شیعری دڵداریشم گوتووە،(٦٠) تا بژیم هەر بە دڵدار دەمێنمەوە و دڵداری بە هەستێکی جوان و پێوەندییەکی پیرۆز دەزانم.

* شیعری دڵداری، بەشدارییەکی گرنگی لە خەبات لە دژی فاشستەکاندا کرد، چونکە ئەو شیعرانە جەنگاوەرانیان هان دەدا، زووتر دوژمن بشکێنن، تا زووتر بە دڵخوازەکانیان شاد ببنەوە.

* نازم حیکمەت شیعری دڵداری کردە هۆکارێک بۆ هاندانی چەوساوەکان لە دژی چەوسێنەران، ئاخر ئەو شیعرانەی لە تاراوگەوە، بۆ ‹مننەوەر›ی هاوسەری دەناردنەوە، بە جۆرێک ئاگری ‹ڕقی پیرۆز›ی زۆرلێکراوانیان خۆش دەکرد و زۆردارانیان دەتۆقاند، ڕژێمی تورکیایان ناچار کرد، پاسپۆرت و ڤیزە بۆ مننەوەر دابین بکات و بۆ لای نازم حیکمەتی بنێرێت.(٦١)

سەلاح شوان دەڵێت: (نابێت بە نووسەر بڵێیت، چیرۆکەکەت وا لێ بکە و وای لێ مەکە!) بەڵام لێنین پێی وایە، ئەدەب دەبێت ببێت بە بەشێک لە مەسەلە گەورەکەی چەوساوەکان، ماو وای بۆ دەچێت، دەبێت ئەدەب بۆ دژایەتیکردنی دوژمنی داگیرکار و دوژمنە چینایەتییەکان تەرخان بکرێت، تۆلستۆی دەڵێت: دەبێت هونەر لە ئاستی تێگەییشتنی خەڵکدا بێت و لۆرکاش دەبێژێت: دەبێت هونەرمەند لەگەڵ گریان و پێکەنینی گەلەکەیدا بێت.

سەلاح شوان دەڵێت: (دارتاش و بەرگدروو دەتوانن بە پێی کەتەلۆک، چیت بوێت، بۆتی دروست بکەن، بەڵام ئەدەب هێشتا ئەوەندە بازاڕی نەبووە.)

لە هەر کۆمەڵگەیەکدا شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری سەروەر بێت، ئەو ئەدیبانەی سەر بە چینی بۆرژوان، ئەدەبەکەیان وەک هەر شتومەکێکی دیکە بازاڕی دەبێت و بە پێی خواستی چینی دەسەڵاتدار دەنووسن، وەلێ ئەوی سەر بە چەوساوەکان بێت، لەسەر خواستی مێژوو دەنووسێت و ڕێگە نادات، بەرهەمی لە هیچ قاڵبێک بدرێت.

ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆریی ئەدەب، دوای بەرهەمی ئەدەبی سەر هەڵدەدەن، هەر لە ‹هونەری شیعر›ەکەی ئەرستۆوە وا بووە و هەر واش دەمێنێت، گۆرگی ڕۆمانی (دایک)ی لە ساڵی ١٩٠٦دا نووسیوە، وەلێ زاراوەی ڕیالیزمی سۆشیالیست، بۆ یەکەمین جار لە ١٩٣٢/٥/٢٩دا بەکار هێنراوە.(٦٢) کەواتە گۆرگی لەبەر کەتەلۆک نەینووسیوە، بەڵکوو خەسڵەتەکانی ئەدەبی ڕیالیزمی سۆشیالیست لەبەر ڕۆشنایی بەرهەمی ئەودا دەستنیشان کراون.

سەلاح شوان دەڵێت: (حەمەسەعید حەسەن چیرۆکی ‹بووکەخان›ی دڵشاد مەریوانی، بە پەروەردەیی لە قەڵەم دەدات، بەمەش گیانی چیرۆکەکە، کە دراماکەیەتی، لە ناخەوە دەردەهێنێت.)

یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی چیرۆک، ئەرکێکی پەروەردەییە، ئاخر ئامانجی گەورەی ئەدەب، پەروەردەکردن و ئامادەکردنی ئینسانە بۆ تێکۆشان لە پێناوی ئاواتەکانیدا.(٦٣) ئایا گیانی دراما لەوەش زیندووتر دەبێت کە لە ‹شەڕ و ئاشتی›دا هەیە؟ خۆ تۆلستۆی لەو ڕۆمانەشیدا، لایەنی پەروەردەیی فەرامۆش نەکردووە. لە شەڕ و ئاشتیدا کە ڕۆمان ڕۆلاند بە ئەلیادەی سەردەمی نوێی ناو دەبات،)(٦٤) تۆلستۆی لەسەر زاری ‹ئەندرێ›وە دەڵێت: (ژن مەهێنە تا دڵنیا نەبیت لەوەی ناتوانیت نەیهێنیت! مەیهێنە تا تەمی ئارەزووکردنی ئەو ژنەی شەیدای کردوویت، لەبەر چاوت دەڕەوێتەوە، کە دوور نییە بە جۆرێک کوێری کردبیت، حەقیقەتی ژنە نەبینیت، تا دەتوانیت درەنگ ژن بهێنە!)(٦٥)

سەلاح شوان لەوەدا کە دڵشاد مەریوانی دوو کۆچیرۆکی چاپکراوی هەیە، یان سێ، بە هەڵەدا دەچێت و بە دەست خوێندنەوەی کۆچیرۆکی (کوێرەوەری)ی ‹بلە›وە ماندوو دەبێت، کەچی ئیدیعای ئەوە دەکات، سەرجەمی بەرهەمی گەورەئەدیبانی دنیای، هەر لە هەمەنگوای، پرۆست، جۆیس، دەستۆیفسکی، تۆلستوی و بەلزاکەوە تا شەکسپیر خوێندووەتەوە! بە مەرجێک یەکێکیان کە جۆیسە، گوتوویەتی: (ئەوی بیەوێت لە من تێبگات، پێویستە هەموو ژیانیم بۆ تەرخان بکات.)

سەلاح شوان دەڵێت: (جۆیس ڕۆماننووسێکی گەورەیە و خوێنەری کەمە.)

هەموو نووسەرە گەورەکان، وەک تۆلستۆی، دەستۆیفسکی، شۆلۆخۆف و هەمەنگوای، بە شێوازێکی هێندە ئاسان نووسیویانە، خوێنەی بە سانایی لێیان تێدەگات، کە خوێنەر لە جۆیس بێزارە، لەبەر ئەوەیە، وەختی ئەوەی نییە گوێ لە سەرخۆشێک بگرێت، بێزارە لە وڕێنە. تەنانەت ژنەکەی جۆیس، کە ئافرەتێکی ڕۆشنبیر بووە، نەیتوانیوە، ‹یۆلیسیس› بە تەواوی بخوێنێتەوە.(٦٦) جۆیس بەردەوام خەریکی مەی خواردنەوە بووە و وای بۆ چووە، مرۆڤ تەنیا لە سەرخۆشیدا ناخی دەردەکەوێت. چونکە شیزۆفرینیای هەبووە و هەمیشە خۆی دوورەپەرێز گرتووە، پێی وابووە، ئەدەبیش دەبێت دوورەپەرێز بێت.(٦٧) ئەدەبی ڕاستەقینە، ئەدەبێکە ڕەنگدانەوەی کێشەی نێوان چینەکانی کۆمەڵ بێت، نەک وەکوو بەرهەمی جۆیس کە کێشە و ململانێکان تەنیا لە ناخی خۆیدا ڕوو دەدەن و هیچ فێری خوێنەر ناکەن. عەزرا پاوەندیش کە سەروەختی دووەمین شەڕی جیهانگرەوە، لە ڕادیۆی فاشیستەکانەوە، پڕوپاگەندەی بۆ مۆسۆلینی دەکرد، وەک سەلاح شوان بە جۆیس سەرسام بوو.(٦٨)

کرۆکی ڕێبازی شەپۆلی هۆش، کە جۆیس یەکێکە لە داهێنەرەکانی، بریتییە لەوەی، نووسەرانی سەر بەو ڕێبازە، بۆ دەربازبوون لە چەوساندنەوە، هەڵاتن بە چارەسەر دەزانن، بۆیە قارەمانەکانیان لە دەست زەبروزەنگی

کۆمەڵگەی سەرمایەداری هەڵدێن و خۆ لە هۆشی تاکەکەسیی خۆیاندا دەشارنەوە. قارەمانی ڕۆمانی سەر بە ڕێبازی شەپۆلی هۆش، دەبێت بە عەنبارێک بۆ بیروڕای پچڕ پچڕ، هەر بۆیە ئەو بە ناو ڕۆمانانە، لە باسی دەروونییەوە، زێتر نزیکن وەک لەوەی چیرۆک بن و بە شێوەیەکی نازانستیش هەڵسوکەوت لەگەڵ دەروونی ئینساندا دەکەن.(٦٩) جۆیس و ئەوانەشی شوێنپێی ئەویان هەڵگرتووە، بۆ شیکردنەوەی دەروون هانا دەبەنە بەر ‹فرۆید›ێک کە لە بواری شیکردنەوەی لایەنەکانی داهێنانی هونەریدا کۆڵەوار بووە و وای بۆ چووە، هۆکاری سەرەکیی داهێنان، زادەی ئەوەیە، ئەوی نووسەر بە منداڵی بۆی جێبەجێ ناکرێت و لێی دەبێتە گرێی ئۆدیب، بە گەورەیی لە بەرهەمەکانیدا جێبەجێی دەکات.(٧٠)

(٤٦) و (٤٧) نزیه ابو نضال، جدل الشعر و الثوره، ص٨٣

(٤٨) سەرچاوی پێشوو، ل١٠٢

(٤٩) و (٥٠) حنا مینه و نجاح العطار، ادب الحرب، ص٢٣ و ص٢٩

(٥١) البیر کامو، الانسان المتمرد، ت: نهاد رضا، ص٣١٥

(٥٢) حنا مینه و نجاح العطار، ادب الحرب، ص١٧٨

(٥٣) و (٥٤) شاکر نوری، المقاومه فی الادب السوفیتی، ص١٨ وص ٤٥

(٥٥) نووسەری کورد، ژمارە(٢٧)ی ساڵی ١٩٧٩ بەغداد.

(٥٦) د. عبدالواحید لؤلؤه، اللامعقول، ص٦٧

(٥٧) البیر کامو، الانسان المتمرد، ت: نهاد رضا، ص٣١٥

(٥٨) سەلاح شوان، دڵدارەکەم پاییزەگەواڵەیەک نییە، ل١١

(٥٩) حەمەسەعید حەسەن، وشەکان دەگەڕێنەوە مەداری خۆیان، ل٥٧ لە بڵاوکراوەکانی نامەخانەی پەیام/ سلێمانی، چاپخانەی عەلاء ١٩٧٩ بەغداد.

(٦٠) بڕوانە کۆمەڵە شیعرەکانی نووسەری ئەم باسە.

(٦١) حنا مینه، ناظم حکمت، السجن، المرأه، الحیاه، ص٩٠

(٦٢) أسس علم الجمال الماركسی اللینینی، ت: یوسف حلاق، مجلد١ ص٢٥٢

(٦٣) نزیه ابو نضال، جدل الشعر و الثوره، ص٩٨

(٦٤) د. بدیع حقی، قمم الادب العالمی، ص١٩

(٦٥) تولستوی، الحرب و السلم، ص٥٣ و ٥٤

(٦٦) د. بدیع حقی، قمم الادب العالمی، ص٥٦

(٦٧) الشکال الروایه الحدیثه، ص٨١

(٦٨) جون جروس، جویس، ص٦٢

(٦٩) نظریه الأدب، ت: د. جمیل نصیف، ص٣٧٦

(٧٠) د. حسن احمد عیسی، الإبداع فی الفن و العلم، ص٧٢ و ٧٣